# مەرگی رەیان و فرمێسكی ئێمە

## لەتیف فاتح فەرەج

من قسەم لەسەر ئەوە نیە ئەوە بۆچی میدیای كەركوك تەلەفزیۆنو رادیۆو رۆژنامەكان وەكو پێویست قسەیان لە مەرگی (رەیان) نەكرد، رەیان ئەو كچە هەشت بەهارەی بەگوللەی ئەمەریكییەكان كوژرا، ئەو ئەمریكیانەی هاتن عێراقیان لە چنگی دیكتاتۆری رزگار كردو لەو پێناوەشدا نزیك بە 3500 سەربازیان بووبە قوربانی، ئەو سەربازانەی بەدرێژایی رێگای هاتنیان گولٌ باران كران، كەچی ئەوان هەندێ جار لەختوخۆڕا، رۆلٌی كەلٌەگا دەبینن، ئێمە هەمووومان پێمان وابوو هاتنی ئەمەریكیەكان بۆ ئەوەیە چی دی باوی رێگەگرتنو پاسەوانبازیو هاولاٌتیماندوكردن نەمینێ، پێمان وابوو دەچینەوە ئەو رۆژگارەی كە كۆنە شالیاری كورد فواد عارف دەلٌێ كاتی خۆی تا سەردەمی عەبدولكەریمقاسمیش باوی پاسەوانو ماسەوان نەبوو، كەچی ئێستا هەیە، خۆی هیچ نیە، هیچ بەمانا هەرە نەرێنیەكەی لەگەلٌ ئەوەشدا پاسەوانی دنیای لەخۆی كۆكردوەتەوە، ئەمەریكیەكان نەك ئەوەیان نەكرد، بگرە دیاردەی فرە پاسەوانیو ئۆتۆمبیلی درعو شتی دیكەشیان هێنایە نێو عێراقەوە، كە ئێستا عێراق سەرتابەخواری دەلٌێی گۆڕەپانی فیلمی ئاكشینە، من نامەوێ لێرەدا لەسەر ئەو مەسەلانە بوەستم، هێندەی دەمەوێ بلٌێم: ئایا هەر فرمێسك بەسە بۆ (رەیان)ی هەشت سالٌە، ئایا دایكو باوكو كەسوكاری رەیان بەوە دلٌیان ئاو دەخواتەوە یاخود پێویستە ئەو سەربازە بدرێتە دادگا، لەبەرابەر كوشتنی ئەو كیژۆلٌەیەدا (سۆری) جگە لە سوكایەتی پێكردن چ مانایەكی دیكەی هەیە، ئەوەی رزگارم دەكات بۆ ئەوە رزگارم ناكات تا بمكوژێ، چیرۆكی كوشتنی رەیان چیرۆكی رزگاركردنە بۆ كوشتن، من دەزانم ئەو سەربازە ئەمریكەیە ئێستا ویژدانی ئازاری ئەدات، بەلاٌم ئایا هەر ئازاردان بەسە یان پێویستە لەبەرابەر كوشتنی رەیاندا ئەو سەربازە جگە لەداوای لێبوردنی راستەقینە، لەبەردەم دادگادا بوەستێو دادگایی بكرێت، ئەی عێراقی نوێ عێراقی دادگایكردنی عادیلانە.